سەرۆك کۆمار گەیشتە شانشینی ئوردنی هاشمی

سەرۆك کۆمار د.لەتیف جەمال رەشید ئەمڕۆ دووشەممە 15-4-2024 بەسەردانێکی فەرمی گەیشتە عەممانی پایتەختی شانشینی ئوردنی هاشمی و لەلایەن خاوەنشکۆ شا عەبدوڵای دووەم پادشای ئوردنەوە پێشوازی لێکرا.

نوسینگەی راگەیاندنی سەرۆکایەتی کۆمار لە بەیاننامەیەکدا باویکردەوە:-بە پێشوازیکردن لە سەرۆك کۆمار، مەراسیمێکی پێشکە رێکخرا، کە ژەنینی مارشی نیشتمانیی کۆماری عێراق و شانشینی ئوردنی هاشمی و پشکنینی پاسەوانی شەرەفی لێخگرتبوو.

هەروەها لە مەراسیمی پێشوازییەکدا، د.بەشر خەساونە سەرۆك وەزیرانی ئوردن، د.جەعفەر حەسان بەڕێوەبەری نوسینگەی خاوەنشکۆ پادشای ئوردن، یوسف شمالی وەزیری پیشەسازی و بازرگانی و ژمارەیەك لە لەپرسراوانی ئوردن بەشداربون.

بەیارە خولێکی گفتوگۆی دوو قۆڵی و هەروەها فراوان لەنێوان هەردوولا لە کۆشکی بسمان بەڕێوەبچێت.

جێی ئاماژەیە لە سەردانەکەدا وەفدێکی حکومی یاوەری بەڕێز سەرۆك کۆمار دەکات، کە پێکهاتوە لە بەڕێزان د.خالد بەتال وەزیری پیشەسازی و کانزاکان و د.تایب خەلیل راهی ئەندامی ئەنجومەنی

نوښتګران و ژمارنې لپرسراو و راوړکار.